# بیری گەنج یان سەرکردەی گەنج،قەیرانی دەسەلاَت یان ریفۆرم؟

**"ئامادەم لەو گەشتەدا هاوڕێیەتیت بکەم،بەڵام چاوەڕوان مەکە ببم بەسێبەرت،ئامادەم گوێت لێ بگرم،بەڵام مەرج نییە لەگەڵ بۆچوونەکانتا یەکبگرمەوە..! هاوڕێکەم کتێبەکان فێریان کردووم کاتێ پێم دەڵێی ئەسپەکەت زین کە،بێ دوو دڵی لێت بپرسم:بۆچی وبۆ کوێ..؟!            پێشهات ژ.9"**

سردار عبدالکریم عبدالله
Sardar24@hotmail.com

## بەشی یەکەم

**لە پێش هەموو شتێک سەرکەوتن و ئارامی وبەختەوەری وڵاتەکەم"کوردستان"، ئینجا سەلامەتی و خۆشگوزەرانی گەلەکەی"گەلی کوردستان"دواتر دەسەلاَتەکانی" یاسایی– ڕاپەڕاندن– دادوەری"،کە سمبولی سەروەرینە، دواشتیش بافێربین حیزب تەنها  ئامرازە و ئامانج نیە،ئەرکی سەرەکی سەرکردە و حیزب نوێنەرایەتی کردنی ڕاستەقینەی جەماوەرەکەیەتی  لە پێناو هێنانەدی کۆمەڵگایەکی شارستانی – دیموکراتی– شایستە بە مرۆڤ."**

دوای تێپەڕ بوونی30ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی سەرجەم هەل و مەرجەکان لە قۆناغی دامەزراندنیەوە تا قۆناغی شۆڕش و حوکمڕانی،بەڕەچاوکردنی بارودۆخە زاتی و بابەتیەکان و گرنگی ئەو گۆڕانکاریانە لە سیستەمی حوکم و شێوازەکانی ململانێی(جیهانی- ئیقلیمی- ناوخۆییەکان)ڕوویانداوە،ئایە یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش پێویستی بەکۆمەڵێ ووردبوونەوە نیە لە خۆیدا؟ئایە یەکێتی دەتوانێ بە هەمان زمان، بەرنامە و بیری سیاسی قۆناغی شاخ درێژە بە کاری سیاسی- ڕێکخراوەیی- جەماوەری خۆی بدات؟یان دەبێ ئەویش گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیستەمی کارکردن، بیری سیاسی،ئیداری،...هتد لە هەموو ئۆڕگانەکانی خۆی بکات؟ئەگەر پێویستی بە ڕیفۆرم هەیە بۆ؟لە دۆخێکدا کە ڕیفۆرم پێویست بووە،بۆ لەکاتی خۆیدا ئەم ڕیفۆرمە ئەنجام نەدراوە؟ ئایە سروشتی ئەم ڕیفۆرمە ئەگەر زۆر لە وادەی خۆی دواکەوتووبێ دەبێ چۆنبێت؟ئەگەر هەنگاو بۆ ڕیفۆرم نرا دەبێت چ شتێك بەهۆی ئەم چاکسازیە ئەنجام بدرێ؟ئایە ئەم ڕیفۆرمە تەنها تایبەت دەبێ بە چاکسازی و پاکسازی لە ئۆڕگانەکانی حیزبی؟ئایە هەموو ئۆڕگانەکانی حیزب دەگرێتەوە یان تەنها مەکتەبی سیاسی،دەستەی کارگێڕی وکۆمیتەی سەرکردایەتی؟بۆ ئەوەیە ڕۆڵی پۆزەتیفانەی ئەم چاکسازی و پاکسازییە بەسەر کۆمەڵگاش دیاربێت،ئایە لە توانای یەکێتی دایە دوای تێپەڕبوونی 13 ساڵ بەسەر ئەزموونی حوکمردن و تەشەنەکردنی تیراوەی گەندەڵی و ڕۆتین هەنگاوی جیدی بنێت بۆ ڕیفۆرم؟ئایە یەکێتی دەتوانێ هەنگاو بەو ئاراستەیە بنێت،کەوا حکومەت لە حیزب بەهێزتربێت و هەرسێ دەسەڵاتەکەشی ئازادانەتر کاربکەن؟ ئایە یەکێتی دەتوانێ لەم ڕیفۆرمە لایەنە سیاسیەکانی تریش بخاتە ژێر فشارەوە،بۆ ئەوەی ڕیفۆرمەکە کوردستانی بێت،پاشانیش عیراقی؟یەکێتی چۆن دەتوانێ ئەم ریفۆرمە پراکتیزە بکات لە کاتێکدا ئەگەری کاریگەری نێگەتیفانەی لایەنی تری سیاسی هێشتا بەسەر کۆمەڵگا مابێ و ڕێگرێك بن لە سەرکەوتن یان چالاککردنی هەنگاوە پۆزەتیفەکانی ئەم پرۆسەیە؟ئایە بۆچوون،پرۆژەی کادیرانی حیزبی و هاوڵاتی کورد چیە سەبارەت بە چاکسازی؟ ئەگەرەکانی سەرکەوتن و نەکەوتنی ئەم پرۆسەیە لە ناوخۆی حیزب و دامەزراوەکانی حکومی چینە؟لە کاتێکدا یەکێتی بەهۆی فاکتەری دەرەکی بەهێزتر لە خواست و ئیرادەی ئەو  نەیتوانی ئەم هەنگاوە بەشێوەیەکی جیدی بنێت،دەبێ کاریگەریە نێگەتیفەکەی ئەم شکەستە بەسەر کۆمەڵگا،پرۆسەی دیموکراتی،سیستەمی حوکمکردن و بیرۆکەی حاکمیەت لەکوردستان و عیراق چۆن بێت؟ئایە ئەو یاداشتنامەیەی کە بەشێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بۆ مامجەلال بەرزیان کردبۆوە بە هەنگاوێکی جیدی و سەرەتایەك بۆ ڕیفۆرم لە ناوخۆی حیزب دادەنرێ یان تەنها یاداشتێکە بۆ دابەشکردنەوەیەکی عادیلانەی دەسەڵات؟

**جەماوەر  یان حکومەت - حیزب، ڕیفۆرم - شۆڕش:**

"جەماوەر"بریتیە لەو سەرنشینانەی لە سنوورێکی جوگرافی دیاریکراو لە ژێر سایەی کۆنترۆڵی سیستەمێکی "سیاسی- ئیداری" دەژین،بەهۆی هەبوونی مافی هاوڵاتیبوون"ئەرك و مافیان"بۆ دیاردەکرێ چ بە گوێرەی"دەستوور یان ڕێسا کۆمەلایەتیەکان و ئاینیەکان"، ئەرك و مافەکانیشیان دابەشی سەر سێ بوار دەکرێت:بەش"حصة"ی هاوڵاتیان لە داهات،ئەم بوارە کاریگەری بەسەر پێکهێنانی "داهاتی نەتەوەیی"دەبێ،بواری جگیربوون"استقرار"هۆکاری سەرەکی  گەشەکردنی داهاتە ئابووریەکانە،ئەمەش بەشێوەیەکی هاوسەنگ لە ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگاوە پەیدادەبێ،بواری"دابەشکردن"یش ئەرکی ئەوەیە "جەماوەر" لە بواری یەکەم بەشێوەیەکی یەکسان بەهرەمەندبێت  تا بواری دووەم بێتەدی.[1]

وەك ئاشكرایە"حكومەت"یش ئەو دەسەڵاتە سیاسی- ئیداریەیە،كە خۆی بە ڕابەر یان نوێنەری(هەڵبژێردراو یان بەزۆرەملێی) ئەم"جەماوەرە"لە قۆناغێك لە قۆناغەكانی ژیانی سیاسی- كۆمەڵایەتی- ئیداری دەزانێ،ئەركی ڕاپەڕاندنی ئەو یاسا و بڕیارانە دەگرێتە ئەستۆ،كە دەسەڵاتی یاسادانان پێی دەسپێرێ یان بۆی دیاردەكا،هەروەها لەبەر ڕۆشنای دەستوور، بڕیار و حوكمەكانی دەسەڵاتی دادوەریش بە نوێنەرایەتی"جەماوەر=میللەت" لە ڕێگای كاندیدەكانی حیزب یان جەماوەر لە سنورێكی دیاریكراوی جوگرافی و كۆمەڵگایەكی دیاریكراودا جێبەجێیان دەكات،هەرچی"حیزبە"ئەوە دامەزراوێكی كۆمەڵایەتیە لە نێو كۆمەڵگایەكی دیاریكراو سەرهەڵدەدات،كە بیرۆكەی گۆڕانكاری یان چاكسازی یان هەست و بەرژەوەندی ژیان،ئابووری،نەتەوەیی یان سیاسی كۆیان دەكاتەوە. ئەوانەی لە ناو ئەم دامەزراوەشن توانای چالاكی و باوەڕپێهێنانی خەڵكیان هەیە،دەكەونە كاركردن بۆ ڕێكخستنی هاوڵاتیان لە چین و توێژە جیاجیاكانی ناو كۆمەڵدا بۆ ناو ڕێزەكانی حیزب و باوەڕپێهێنانیان،تا ئەو حیزبە(لە قۆناغێكی دیاریكراو یان بۆ چەندیین قۆناغ) ببێت بە نوێنەریان، تا هەرچی لە هەگبەی خۆی داناوە لە ماف یان تیۆریە زانستی و فكریەكان بۆ پێشخستن، گەشەپێدان و شارستانی بەپێی ئەو بەرنامە و تیۆرەی كەهەیەتی یان ئەو بانگهێشتەی كە دەیكات(ئەگەر بۆی بكرێ ڕاییپەڕێنێ)لە نێو ئەو كۆمەڵگا دیاریكراوە و لە قۆناغێكی دیاریكراودا بیهێنێتەدی.

ئەوەی ئەو ئەركانە ڕادەپەڕێنن، ئەوە ڕۆڵەكانی ئەو كۆمالگایەن"جەماوەر" كە لەم دامەزراوانە ڕێكخراون،كەواتە"حیزب" دامەزراوێكی زیندوە،ئۆڕگانەكانی ئەم دامەزراوە گەشەدەكەن و دەپووكێنەوەش،لە قۆناغە جیاجیاكانی گەشەكردنی ئەم دامەزراوانەدا ئاستی گەشەكردنی هۆشیاری،مەنتیق و دەروونی ئەنداماكانی دەكەوێتە ژێر كاریگەری گۆڕانكاریە گشتیەكانی كۆمەڵگا(بە باش و خراپی) ، هەرچەندە ئەم ئۆڕگانە هەوڵبدات كەسایەتی و ڕووە دیارەكانی خۆی بپارێزێ و نەیەڵێ گۆڕانكاری بەسەردابێت،بەڵام بە هۆی ئەم كاریگەریانەوە، ئەوە بۆی جێبەجێ ناكرێ، ناتوانێ بەسەر گەشەكردنی كۆمەڵگاكەی بازبدات،لەبەرئەوە دەبێت بەپێی قۆناغ و گۆڕانكاریەكان ئەم دامەزراوەیەش دەستەواژەكان، زمان، شێوازی باوەڕپێهێنان،ئامرازی كاركردنی هاوچەرخانە و باوی ڕۆژگارەكەی بەكاربهێنێ.ئەگەر بەشێك لە ئەركی حیزب نوێنەرایەتی كردنی لایەنگر و هاوبیرەكانیەتی لە پۆستە جیاجیاكانی"دەوڵەت- دەسەڵات"،بەمەش ڕاستەوخۆ كاریگەری بیر و ڕۆڵی ئەم دامەزراوە سیاسیە"حیزب"بەسەر شێوە و ناوەڕۆكی پڕنسیپەكانی دەستوور و سیستەمی بەڕێوەبردن لە بوارە جیاجیاكانی چالاكیە كۆمەڵایەتیەكانی هەر كۆمەڵگایەك بەدیاردەكەوێ،ئەم پرنسیپانەش دواتر لە "دەستووری وڵات" دیاریدەكرێن.دەستووریش لەهەر وڵاتێك بەبێ "سەروەری" كەم و كورتی تێدەكەوێ و لە ئاست خواستی ڕاستەقینەی هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە نابێت،ئەم ڕاستیەش لە بەر ڕۆشنایی لێكدانەوە تازەكانی بۆ بیری سیاسی و لێكۆلینەوەكانی تایبەت بە قانونی دەستووری پەیدابوونە،ئەوە دەسەلمێنن كەوا "سەروەری وڵات"سەرچاوە و هێز لە"میللەت- هاوڵاتی"وەردەگرێ،چونكە لەم چەرخەدا "گەل" سەرچاوەی ڕاستەقینەی داڕشتنی دەستوورە،كەواتە دەبێ "میللەت- هاوڵاتی"مافە یاسایەكانی بێ كەم وكوڕی بۆ مسۆگەربكرێ.2ئەمە بەرجەستەكردنێكی ڕاستەقینەیە بۆ بۆچوونی"سەروەری نەتەوە- وڵات".

كە حیزب نوێنەری بەشێكی(زۆر یان كەمی)گەلەكەی بێت،ئەوە دەبێ لە بەرامبەر پاراستنی مافە یاساییەكانی هاوڵاتیان بەرپرسبێ.بە جیدی كار بۆ هێنانەدی كۆمەڵگایەكی شارستانی،ئارام وخۆشگوزەران لە ژێر سایەی یاسا و عەدالەتی كۆمەڵایەتی بكات.سەركردە و ڕابەرەكانیشی هەوڵبدەن نوێنەر و پێشەنگی ڕاستەقینەی"جەماوەرەكەیان"بن،.

"شۆڕش"قۆناغێكە لە ژیانی حیزب كە تیایدا پەنا بۆ شێوازی توند و تیژی دەبات بە مەبەستی هێنانەدی بەرنامە سیاسی- كۆمالایەتی...هتد،لەم قۆناغەدا تەنها زمانێك زۆر باوە ئەویش زمانی هێزە،لە دوا قۆناغیشیدا یان ژێركەوتن یان سەركەوتنێكی سەربازییە،هەندێجار ئەم بەرەنجامە گفتوگۆی سیاسی بۆ ڕێككەوتن لەسەر شێوازی كۆتایهێنان بە ململانێكە لێ دەكەوێتەوە،ئەم هەنگاوەش قۆناغی خاوبوونەوەی توندوتیژی لە شێوازی خەبات یان كاركردنی شۆڕشگێڕانە دێنێتەپێش،ئامانجی سەرەكیش لە شۆڕش هێنانەدی گۆڕانكاریە بە شێوازی توندوتیژی و ململانێی زبر،هەرچی"ڕیفۆرم"ە لەهەموو دۆخ و قۆناغەكانی ژیاندا،لەهەموو بوارەكانی ژیان پێویستە،ئەویش ئامانجی سەرەكی گۆڕانكاریە، بەڵام"ڕیفۆرمییەكان" هەوڵنادەن"بارێكی نائاسایی" بخولقێنن وەك ئەوەی "شۆڕشگێڕەكان" دەیكەن،چونكە لەو بارە نائاساییە هەمووشتەكان، هەڵومەرجەكان، دامەزراوەكان و حالەتە چەسپاوە سیاسی- كۆمەڵایەتیەكان دێنە گۆران.هەر ئەمەشە وادەكات"ڕیفۆرمییەكان" وەك "شۆڕشگێڕەكان" سیاسەت نەكەن و "تەنها یەك ئامراز" بەكارنەهێنن(كە توند و تیژییە).ڕیفۆرمییەكان پەنا بۆ كوشتن و بڕ و تۆڵە سەندنەوە نابەن،باوەڕیان بەتوندوتیژی نیە،واقیع سەر و ژوور ناكەن!ڕیفۆرم بەهۆی پرنسیپەكانی، كە هەیەتی"ڕەوایەتی یاسایی"بۆ خۆی دەستەبەردەكات لە دامەزراوەكانی كۆمەڵگادا،لە سیستەمێكی سیاسیدا،لە پارتێكدا..هتد. 3

كەواتە"حیزب"لە هەردوو بار و دۆخدا ئامێری بەگەڕخستنی گۆڕانكاریەكانە، ئەمەش زەرورەتی"ڕیفۆرم و بەخۆداچوونەوە"لە ناوخۆی حیزب،لەسەر ئاستی "فیكر- هۆشیاری- بەرنامە"دەكاتە شتێكی پێویست و

بابەتی،تا مانەوەیەکی تەندروست بۆ خۆیی مسۆگەربکات،کەوابوو بەهەر بروبیانوێك بێ،ناکرێ باز بەسەر"ڕیفۆرم" لە ناوخۆیی حیزبدا بدرێ.

**دەبێ حیزب چیبکات تا لە قۆناغەکانی گەشکردنی کۆمەڵگا بەدوا نەکەوێ؟**

بۆ ئەوەی"حیزب" یان ئەم "دامەزراوە سیاسیە" بتوانێ لەگەل گۆڕانکاری و گەشەکردنەکانی کۆمەڵگا دیاریکراوەکە و دەوروبەرەکەی هەنگاوبنێ و دانەبڕێت هەروەها فاکتەری خێراکردنی گۆڕانکاری و گەشەکردنیش بێ(بەپێی بەرنامە سیاسی،فکری، ئابووری و کۆمەلایەتیەکانی)ئەوە دەبێ ئەم بنەمایانە ڕەچاو بکات:

_ ڕێگا بۆ"ڕا و ڕای بەرامبەر" لەسەر ئاستی ناوخۆیی – حکومەت – کۆمەڵگا والابکات، بەواتایەکی تر پرنسیپی"ئازادی لە بیروڕا و هۆشیاری لە ئیلتزامکردن" بکرێتە دروشم وکاری پێبکرێ.

_ دەبێ لەهەموو قۆناغە جیاجیاکاندا "سەرکردایەتی حیزب" هەولبدات ڕێگا بۆ گەنجان والابکات تا بێنەپێشەوە باتیبەتی بۆ نێو پۆستە بالاکانی حیزبی،ئەم پۆستانە پاوان نەکرێن لەسەر سەرکردە مێژووییەکان،واتە بۆ هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانی" سیاسی- فیکری" کۆمەڵێك گەنج(بەلانی کەم لەسەر ئاستی فیکر)بهێنرێنە سەر شانۆی سیاسی"لە ناو حیزب"،ئەم کۆمەڵە گەنجە لە" فیکر نوێخواز و گەنج بن"،مەرج نیە نەوەی گەنج و نوێ بن. ئەگەر حیزبە دینیەکان یان ئەو حیزبە سکولاریانەی کە باوەڕیان بە کاریزمایی سەرۆك و لانەدان لە پرینسیپەکانی هەیە،بەنموونە بێنینەوە،ئەوە دەتوانین بڵێین هەر ئەم هۆیەیە وایکردووە ئەم جۆرە حزبانە(بەتایبەتی ئیسلامیەکان)نەتوانن لەگەڵ ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگادا هەنگاو بنێن،نوێکاری لە بیر و بۆچوونیاندا بکەن،هۆیە سەرەکیەکەشی وابەستە بوونیانە بە کەلتوور و دەقی میتافیزقی نەگۆڕ، نەك نەبوونی سەرکردەی گەنج و نەوەی نوێ لە لوتکەی حیزبیدا.هەر ئەمەشە وادەکاتن دەیان حیزبی ئیسلامی میانڕەو لە کۆتایدا ببنە سەرچاوەی پێگەیاندنی چەندین کادیر و حیزبی تری توندڕەوی دژ بەڕەوتی گەشەکردن و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا یان ئەو حیزبە سیاسیە سکولاریانەی کە زۆر گرنگی بە کاریزمایی سەرۆکەکەیان یان بیر و بۆچوونە مێژووییەکانیان و خۆبەستنەوە بە کەلتووری ڕابردووی حیزبەکەیان یان سەرۆکەکەیان دەدەن،ئەمانەش بەهەمان پێوەری حیزبە ئاینییەکان دەبنە بەربەست لەبەردەم گۆڕانکاری و گەشەکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دیموکراتی،لە دوا خاڵیش کە بواری هیچ جۆرە دانوساندنێکیان لەگەڵ کۆماڵگا و گۆڕانکاریەکان نامێنێ، پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن،بەهیوای بەربەست دروستکردن و دواخستنی ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگا و لەدەستنەدانی ئەم سامانە مێژوویی و کەلتووریەیان کە بە تاکە سەرمایەی شانازی و مانەوەی خۆیانی دەزانن.

_ جیاکردنەوەی کاری سیاسی وئەکادیمیەکان بە هۆی گرنگی و گەشەدان بە پلان و بەرنامەڕێزی و سیستەمی دامەزراوەیی لەکارکردندا.ئەم هەنگاوەش بە گەسەکردنی پەیمانگاکان، هەروەها ئامادەکردنی کادیری هاوچەرخ و شارەزا بە بنەماکانی سیستەمی چاودێری دارایی و ئابووری هاوچەرخ دەبێت،لە ڕێگای کادیری ئەکادیمی شارەزا لە بوارە جیاجیاکانی ژیان سەرچاوە دەگرێ. بەمەش بوار باشتر بۆ هاتنەدی ئەم هەنگاوە دەخەملێت،کە سود لە سیستەمی"حکومەتی ئەلەکترۆنی"4 وەربگیرێ،چونکە ئەم هەنگاوە ئاستی هۆشیاری سیاسی و فەرهەنگی کۆماڵگا بەهۆی ململانێیە خێراکانی تەکنەلۆجیا و فەرهەنگی باوی هاوچەرخ دەگۆڕێ یان بەلانی کەم دەیخاتە ژێر کاریگەری خۆی،ئەمەش هەنگاوێکی زۆر پۆزەتیفانەیە بۆ لەباربردنی عەقلیەتی خێلەکی،کە بەئاشکرا کاریگەری زۆر نێگەتیفی بەسەر گەندەڵی ئیداری،دارای و ژیانی سیاسی هەر کۆمەڵگایەك هەیە.

_ گرنگیدان بە بوونی هاوسەنگیەك لە کادیری ژن و پیاو(بە ڕەچاوکردنی چەندایەتی وچۆنایەتی)لە لوتکەی حیزب و ناوەندی بڕیاردان،هەڵنەبواردنی کادیری بەتوانای لێهاتووی جەماوەریی.

_ گەڕانەوەی حیزب بۆ ناو جەماوەر،هاندانی جەماوەر بۆڕژانە سەرشەقامەکان و دروستکردنی ڕای گستی،گەڕانەوەی حیزبیش بۆ ئەرکەکانی خۆی،چونکە کۆکردنەوەی"دەسەلات"لە دەستی "تاکەکەس" یان "گروپێکی دیاریکراو" وادەکات ئەم "هێزە" کەمتر بتوانێ جەماوەر یان تاکی "گوێڕایەڵ"پەیدابکات و ئامادەبکات.5

_ نەهێشتنی ناکۆکی لە نێوان ئەدەبیاتی حیزب و هەڵوێستەکانی سەبارەت بە بەها دیموکراتیەکان و مەسەلە چارەنووسسازەکان،خۆ دوورخستنەوە لە درووشمی فەنتازی و ڕیکلامەی بەرتەسکی حیزبی.

_ ڕێگرتن لە سیاسەتی هەڵپەرستی و کادیری "کلك" و"نەشاز بە کۆمەڵ" کە جێگای کادیری "ڕاستەقینە"بگرنەوە،چونکە ئەمە دەبێتە فاکتەرێك بۆ ڕاکردنی کادیری"ڕاستەقینە" وگەشەکردنی بیرۆکراتیەت لە جیاتی کاری دامەزراوەیی.

_ سەبارەت بە ئەخلاق و سیاسەت " کانت" ڕای وایە ئەخلاق"مۆراڵ" خۆی لە خۆیدا کار و ڕاپەڕاندنە لە"مانا- تێگەیشتنە بابەتیەکان"،لە کۆتایشدا فەرمانە بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەل بەهای شتە زانراوەکان.6 بە گوێرەی ئەم پێناسەیە بێت ئەوە ململانێ لە نێوان شتە"ئەخلاقیەکان"و" سیاسەت" نیە،بۆیە دەبێ گرنگی بەو بەها ئەخلاقیانە بدرێ کە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو هاولاتیان لەسەری ڕێککەوتوونە نەك بە بەهانەی جۆراوجۆر پێشێل بکرێن.

**هۆکارەکانی گەندەڵی لە کۆمەڵگا یان سامان و دەسەڵات:**

"بیری خۆسەپاندن" یان "تاکڕەوی لە دەسەڵات"لە بوونیدا بەربەستێکە لەبەردەم گەشەکردنی سروشتی گەلان و کۆمەڵگاکان بۆ هەنگاونان بەرەو دیموکراتیەت و ژیانێکی سیاسی تەندروست،بەڵکو لە هەندێ لە قۆناغەکانیدا دەبێتە هۆیەك بۆ نەمانی"هەستی ئینتماکردن" یان بەلانی کەم لاوازکردنی ئەم هەستە(چ لای تاك یان گروپێك).

کاتێ مرۆڤ هەستدەکات تەنها ژمارەیەکە لە نێو کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر،نازانێ بەرەو کوێ هەنگاوبنێ و نازانێ توانا و دەرفەتەکانی گەشانەوەی چیە،ئەم هۆکارانە پاڵی پێوەدەنێت هەست بەنەمانی ئارامی و ئاسایش بکات،هەستدەکات لەگەڵ ئەم سیستەمە ناگونجێ و لەبەر ئەوەی پابەندی ئەو سیستەمەیە و بەبێ ئەو ناتوانێ بژی،دەبێ بەخشینی هەبێ و قوربانی لە پێناو ئەو بهەڤڕا ژیانەی کە ناوی کۆمەڵە بدات،لە ئەنجامدا نەك هەر هیچی پێنابڕێ بەڵکو زیانیشی پێدەکەوێ،یەکەم جار هەست بە جیاوازیێك لە نێوان خۆی و کۆمەڵ دەکات و داتر هەستی بەتەڤلیبون"ئینتما" نامێنێ و تازی"انسلاخ" دەبێ.7 ئەم فاکتەرەشە دواتر دەبێتە هاندەرێکی سەرەکی بۆ لەدەستدانی"ناسنامە" لای هەر تاکێك بەرامبەر بەو کۆمەڵگایەی یان ئەو دەوروبەرەی تیایدا دەژی،لە کۆتایشدا هەر ئەم هەست بەجیاوازی کردنەشە،لە نێوان خۆی و کۆمەڵ  وای لێدەکات بە تەواهوی تازی"انسلاخ" بکات.

 "ئینتما"یان"هەست بەخۆ دۆزینەوە"کردن لای هەر کەسەێك لەهەر کۆمەڵگایەك، بنەمایەکی سەرەکیە لای ئەو تاکە تا هەوڵبدات لەم کۆمەڵگا دیاریکراوە هاوڵاتیبوونی خۆی بسەلمێنێ و جێگیربکات.نامۆبوونیش بەو مانایەی کە بەرەنجامی ژانێکە تەنها لە واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەی دەیچێژێ،ئەمەش ئاسۆی بیرکردنەوە بەشێوەیەکی بەرچاو"زیاتر" لەبەردەم "نەوەی نوێ" دادەخات و خەونەکانیان بە ئایندیەکی گەشاوە دەزڕێنێ،کە هەوڵدەدەن لە میانیەوە هەست بەهەناسەدانێکی ئازادانە و هاوڵاتیبوونی ڕاستەقینەی خۆیان بکەن،بە تایبەتی لای نەوەی نوێ دڵنیابوون لە ئاینده،گەورەترین هەل"چەنس"ە بۆ هەستکردن بە ئینتیما،ئەویش لە ڕێگای دەستەبەرکرانی چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی،هەلی خوێندن،هەلی کارکردن تا هیوایان بە گەشەکردنی کۆمەڵگا بۆ مسۆگەر بوونی،ئەم هەنگاوانە بنەما سەرەکییەکانی دڵنیابوونن لای هەر تاکێك لە ئایندەی خۆی.

دروستبوونی هەستی نامۆیی لای هەر تاکێك بەو واقیعەی تیایدا دەژیی،جگە لەوەی وادەکات ئەم تاکە هەوڵی"ڕاکردن" بۆ ژینگەیەکی لەبارتر یان"خۆ لەسەرخۆ داخستن " بدات لەهەمان  ژینگە،ئەوە ئەگەر نامۆ بوونەکە ئەم قۆناغانەی بڕی و قوڵتر بۆوە،ئیتر ئەو کەسە تەنها کاروباری خۆی دەکاتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ،کە خۆی سەرۆکێتی و خۆی یاسا و دابوونەڕیتی تایبەتی بۆ دادەنێ و تەنها بایی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی پەیوەندی بەدەرەوەی دەوڵەتە دەستکردەکەی دەمێنێ و کەسەێکی خۆپەرستی لێ دەردەچێ،8لەپێناو هێنانەدی ژیانێکی باشتر،ئاسودە یان ئارامتر یان گونجاوتر و شایستەتر وەك خۆی بەم عەقلیەتە خۆپەرستیە باوەڕی پێی هەیە.

هەر جۆرە "ڕاکردنێکیش" چ بۆ دەرەوەی وڵات چ "خۆ لەسەر خۆ داخستن" بێ،خۆی لە خۆیدا بەڵگەی بێهیوا بوونە لە گۆڕانکاری و ڕیفۆرمی(خێرا یان لە ئایندەیەکی نزیك) لەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژیت،بە واتایەکی تر مانای جاڕدانی جەنگێکی ساردە لە دژی وەستانی گەشەکردن و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگاکەی،لەدژی ئەو شتانەی کە دەبنە ڕێگر و لەبەردەم خۆشگوزەرانیان قیت دەبتەوە،نەك بە مانای جاڕدانی دوژمنداری لەگەل نیشتمان و نەتەوە(کۆمەڵگا) کەیان.

نامۆبوون یەکێکە لە بەرەنجامەکانی گەندەڵی و ناعەدالەتی،لە هەمانکاتیشدا پاڵنەرێکە بۆبەهێزبوون و چڕبوونەوەی ناوەندێتی دەسەڵات لای سەرکردە و حیزبە خۆسەپێنەرەکان،زیاتر بەکارهێنان و قۆزتنەوەی ئەم شێوازەش  بۆ زیاتر دەستەمۆکردنی هاوڵاتیان،لە ڕۆژگاری ڕژێمی بەعس،هاوڵاتی بەهۆی زوڵم و چەوسانەوە هەستی بەنامۆیی و بە هاوڵاتیبوونی ڕاستەقینە نەدەکرد،بەعسیش بۆ دەستەمۆکردنی هاوڵاتیان لە بیر و بەرنامەی سیاسي- سەربازیدا وەك چەکێك بەکاریدەهێنا.

ئەم هەستە نامۆییە لای "نەوەی نوێی کوردستان"ی دوای ڕاپەڕین لەوەوە هاتووە، کەوا "دەسەڵاتی سیاسی کورد" بە درێژایی 13 ساڵی حکومکردن نەیتوانیووە ئەم زەمینە بۆ گەشەکردن و دەستەبەرکردنی خواستەکانی ئەم نەوە نوێیە(بەلانی کەم)مسۆگەربکات.دیارە کاریگەری تەشەنەکردنەکانی شەڕی ناوخۆیی،ڕزگار نەبوون لە عەقلیەتی شۆڕشگێڕی،مساوەمەکردن لەگەل بیری(ئاینی- سیاسی و چەقبەستووەکان) ی کە باوەڕیان بە گۆڕانکای بنەڕەتی و تازەگەری لە کۆمەڵگادا نیە یان بەلانی کەم نایانەوێ"دەسەڵاتە سیاسیەکانیان"لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا لەدەست بدەن.

ڕاپۆرتی "ڕێکخراوی شەفافیەتی جیهانی"کە عیراق لە ڕێزبەندیدا لە نێو لیستی وڵاتان لە "بوونی گەندەڵی  ئیداری و دراوی" دا بە خراپترین وڵات داناوە.ئەم بەرەنجامەش دیارە دەگەڕێتەوە بۆ چڕبوونەوەی دەسەڵاتەکان بەدرێژایی مێژوو لەدەست سەرۆکە دیکتاتۆرەکانی،ئەگەر نەخشەی سیاسی و ئابووری ئێستای عیراق بخوێنینەوە،دەبینن ڕەنگدانەوەیەکی گشتی لە کەم و کوڕیەکانی ئیداری و گەندەڵی ئابووری پێوەدیارە،ئەمەش تەنها ڕۆژگاری حوکمی بەعسیەکان ناگرێتەوە،بەڵکو ئەم گەندەڵیە میراتێکی مێژووییە لە ڕۆژگاری دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە سەرچاوەی بەستووە،چونکە ئەم وڵاتە

لەسەر بنەمای ڕەگەزی و عروبە دامەزراوە،ئەمەش بۆتە هۆی نەمانی یەکسانی و گەشەکردنی بێویژدانی لە هەڵسوکەوت و دابەشکردنی سامان بەسەر ئێتنیەکانی تری عیراق،ئەوانەی لە دەرەوەی بازنەی (دەسەلأت– کۆمەڵ)ی عروبی ڕەگەزپەرستی سونە بوونە، هەر لەم ڕۆژگارەوە سامان و دەسەلأت لەدەستی کەمایەتیەك کۆبۆتەوە،ئەم کەمایەتیەش بۆئەوەی بتوانێ لە داهاتووشدا سامان و دەسەلأتەکە هەمیشە بۆ خۆیان مسۆگەر و قورغبێ، هەر لەم ڕۆژگارەوە کەوتوونەتەخۆ،بۆ پەڕاوێزکردنی بەشێکی گەورەی عیڕاقیەکان لە کورد و شیعە و ئەوانی تر،لێرەوە تۆوی گەندەڵی گەرایکردووە.بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی سەرۆکایەتی لە لوتکەی دەسەلأتیشدا وا پێویستی کردوە ئەم گرۆپە ئەم پۆستانە بە کەس و کارەکانیان و ئەندامانی سەر بە عەشائیرە هاوپەیمانە سونەکانیان ببەخشنەوە،بێ ئەوەی بیر لە توانا ڕاستەقینەکانی ئەو کەسە بکەنەوە،ئایە کەسێکی شایستەیە بۆ ئەو پلە و پایە و شوێنە؟وەك ئاشکراشە بەرتیل،مەحسوبیەت،فێڵ و دزیش بەرەنجامێکی سروشتیە بۆ دۆخێکی ناسروشتی،کە بریتیە لە دابەشکردنێکی نا عادیلانەی سامان و دەسەلأت لە نێوان خزم و خەڵکە نزیکەکان لەسەر بنەمای یاسایەکی خێلەکی.9 ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەر لە ڕۆژگاری زۆر زووەوە کەلتووری تالأنکردن "فەرهود" کە بەمیرات لە یاسای خێل- عەرەب- ئیسلامەوە پشتاوپشت ماوەتەوە، جارێکی تر لەسایەی ئەم جۆرە سیستەمانەی حوکم لە عیڕاق بە هەمان توانا و گیانەوە هەر بەزیندویی بمێنێتەوە،لە دوا قۆناغی دڕندانەشیدا بگاتە "ئەنفالی کورد" و" تالأنکردنی دەولەتی کوێت".

هەر ئەم کەلتوورە بۆگەنەشە ئیمڕۆ لە ناو خەڵکی عیڕاق بەتایبەتی و کورد بەگشتی زیندوە. هەندێجار وەك پەرچەکردارێك بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە لەو دزانەی کە سەدان ساڵە سەروەت و سامانیان بە تاڵان دەبەن،لای هەندێکیش بۆتە پیشە کە خۆی لە چەمکی"تالأن- تیرۆر"دەدۆزێتەوە،بۆتە هۆکارێکی سەرەکیش بۆ "گەنەدەڵی کۆمەلأیەتی- کەلتووری- فەرهەنگی- سیاسی- ئیداری- دراوی ...هتد"، ئەم بابەتە بە هەردوو چەمکەکەیەوە دەچێتە خانەی گەندەڵی و ناعەدالەتی لە ناو"حیزب- کۆمەڵگا- دەسەلأت"،نەبوونی سەرەوەری یاسا و کۆمەڵگایەکی هاوچەرخی شارستانی .

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی گەشەکردنی گەندەڵی نەبوونی دیموکراتیەت و ژیانی دەستووری بووە لە عیڕاق،10کە زامنی هەبوونی بنەمای ڕوونی"شەفافیەت"ە لە کارکردندا و هاتنەدی سەروەری یاسایە لەکۆمەڵگادا.ئەم خۆسەپاندنەش لە شێوازی حوکمکردن بۆتە هۆی نەمانی لایەنی ڕکانبەر،شەریك و چاودێرێکی سەر بە لایەنە جیاجیاکانی تری بەرهەڵستکاری سیاسی،تا بتوانێ پەردە لەسەر دزی،گەندەڵی و بەرتیل هەڵماڵێ.ئەگەر لە هەر کۆمەڵگایەکدا سەرکوتکردن هەبوو و حاکم بەرهەڵستکاری نەبوو،ئەوە کێ دەتوانێ ژیانێکی ئابووری،سیاسی و ئەخلاقی وا دابڕێژێ کە پاك و بێگەرد بێت؟ئەمانە ڕێگا خۆشکەرن بۆ گەشەکردنی گەندەڵی لە هەموو بوارەکانی ژیان و لە هەموو ئاستە جیاجیاکانیدا.

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری پێشهاتی ژمارە 10 حوزەیرانی2005 بلأو بۆتەوەوە.